# چەند سەرنجێک لە سەر سەفەری خامنەئی بۆ شاری سنە

ئەمرۆژانە سەردێڕی هەواڵی هەموو ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراوە گشتییەکانی ئێران، تەرخان کراون بۆ تەبلیغات لە سەر هاتنی خامنەئی و مانەوەی چەند ڕۆژەی بۆ شاری سنە. لەم مەیدانی ڕقەبرکێی تەبلیغاتیەشدا، هەر کەسە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەوانییتر پێش کەویت و دەوری خزمەتگوزاری خۆی بە خامنەئی و دەم و دەزگا جینایەتکارەکەی باشتر و قورس و قایمتر بەرێوە ببا. ئەم هەموو تەبلیغاتە بۆ ئەم سەفەرە جگە لە نەفسی خودی سەفەرەکە، کە دواتر وردتر باسی دەکەین، خاڵێکی زەریفی جێی سەرنجی تێدایە. ئەویش ئەمەیە کە ئێستاش پاش ٣١ ساڵ لە دەسەڵاتی جومهووری ئیسلامی، هێشتا سەردانی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو ڕژیمە لە کوردوستان، کارێکی لەکاران نەهاتوو بە حیساب دێت و ئەگەر کەسێکیان بە پێی زرووف و هەل و مەرجی تایبەت ناچار بەو سەفەرە بن ئەوە وەک کارێکی "بوێرانە" حیسابی بۆ دەکرێت و هەڵبەت سەدان کەس لە هێزە تایبەتە ئەمنیەتیەکانیش بۆ پاراستنی تەیار دەکرێن. ئاخر ئێستاش کوردوستان بۆ رژیم جێی مەترسیە و ڕژیم  و کاربەدەستانی ورد و درشتیشی بۆ خەڵکی کوردوستان نامۆ و نەیارن.

بەڵام سەفەری خامنەئی بۆ شاری سنە بۆ چیە و چی ڕەچاو دەکا؟ ئەمە هەڵبەت نوکتەیەک نیە کە لە چاو خەڵکی سنە و باقی شوێنەکانی کوردوستان شاراوە بێت. کاکڵی سەرەکی هۆکاری ئەم سەفەرە کێشەی هەڵبژاردنەکانی رەئیس جمهووری و هەوڵ دانە بۆ بەهێز کردنی جێ و شوێنی ئەحمەدی‌نیژاد لەو هەڵبژاردنانەدا. خامنەئی لە پلە و مەقامی ڕێبەری جومهووری ئیسلامیدا بە لای خۆیەوە هاتوە بۆ بە دەس هێنانی دڵی خەڵکی شاری سنە و باقی کوردوستان و کێشانیان بەرەو سندووقەکانی هەڵبژاردن بە قازانجی ئەحمەدی‌نژاد. ئەم هەوڵە بێ سەمەرە لە کاتێکدا کە رژیم بۆ خۆی باش دەزانێ کە خەڵکی کوردوستان نەک هەر خامنەئی و ئەحمەدی نژاد، بەڵکوو هەموو باڵ و لایەنەکانی جومهووری ئیسلامی بە ریفۆرم خواز و پاوان خوازیەوە بە نامۆ و نەیار بۆ خۆیان دەزانن، بۆچیە؟ بۆچی خامنەئی مەترسی سەفەرێکی ئاوا پرمەترسی قەبووڵ ئەکات و بۆچی رژیم هەزینەیەکی ئاوا قورس بۆ ئەم سەفەرە تەرخان دەکا؟ ئایا بە ڕاستی خامنەئی و سەرجەم دام و دەزگا جینایەتکارەکانی ڕژیم لەو خولیایەدا بەسەر دەبەن کە گوایە خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری سنە و باقی کوردوستان ئێشی زامی گرتن، ئەشکەنجە، تەبعید، بومباران، خومپارە باران، کوشتار، ئیعدام و ماڵ وێرانی ئەم دەیان ساڵەی خۆیان و ڕۆڵە و خزم و کەس و کاریان لە بیر چوەتەوە؟

ئەگەرچی ٣١ ساڵ زەمانێکی زۆرە و لەم ماوەدا یەک دوو نەسڵی تازە لە کوردوستان پێگەیشتوون کە ڕەنگە زۆریان ڕاستەوخۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم رژیمەیان چێژ نەکردبێت و ڕەنگە خامنەئی و باقی کاربەدەستانی ڕژیمیش لە سەر بە ساڵدا چوونی کارەساتەکان و "فرامۆشکاری" خەڵک حیسابیان کردبێت، بەڵام سیاسەت و پیلانە جینایەتکارانەکانی ڕژیم لە کوردوستان، ئەوەندە سیستیماتیک و بە بەرنامە و دوژمنکارانەیە کە تەنانەت ئەم نەسڵە تازەیەش نەک هەر هیچ نزیکایەتیەک لە گەڵ ئەم ڕژیمە هەست پێناکا و هیچ دڵخۆشیەکی پێی نییە، بەڵکوو بە دروستی بە ماک و هۆکاری سەرەکی هەموو نەهامەتەکان و هەموو موشکڵە و مەسەلەکانی خۆی و هەموو کۆمەڵگای دەزانێ.

چاوێک بە سەر کۆمەڵگای ئەمرۆی کورودستاندا بگێڕن. چەند بنە ماڵە هەن کە لە ماوەی دەسەڵاتی نگریسی جومهووری ئیسلامیدا، خۆیان یان کەس وکاریان و خزم و خوێشیان، بە جۆرێک لە جۆرەکان زامی رژیم و دەسەڵاتە ڕەشەکەی لە جەستەیان نەکەوتبێت؟ کەسیان لێ نەگیرابێت، ئەشکەنجە نەکرابێت، زیندانی نەکێشابێت و یان ئێعدام و تیرباران نەکرابێت؟ جگە لەوانە هەژاری و نەداری، بێکاری، ئێعتیاد، فەحشا و سەرکوت و مەحروومیەتی سیستماتیک و بەردەوامی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی، کەوتنە پلەی شارومەندی دەرەجە دوو و بە سەغیر و نەفام حیسان کردن و بەردەوام دیاریکردنی وەکیل و وەسی لە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکە و سەدان جینایەت و تەحقیر و سووکایەتی‌تر، کارنامەی ٣١ ساڵەی خامنەئی و ڕژیمەکەی و دیاری و خەڵاتیانە بۆ ئەو خەڵکە خەباتکار و تێکۆشەرە. لە هەموو ئەم بوارانە و لە هەموو ئەم جیناتەتانەشدا، شەخسی خامنەئی یەکێک لە مێعمار و کارگێڕە سەرەکیەکانی بوو.

هەروەک ئاماژەی پێدرا، مەبەست لەم سەفەرەی خامنەئی بۆ سنە، دەورگێڕانە لە پرۆسەی هەلبژاردنەکاندا بە قازانجی ئەحمەدی نیژاد. "باڵەکانی" نێو جومهووری ئیسلامی، ئەگەر چی لە پاراستنی ڕژیمەکەیاندا هاوخەتن و لە هیچ پیلان و جینایەتێکیش لەو بوارەدا لە دژی کۆمەڵانی خەڵک دەستیان نەپاراستوە و ناشی پارێزن، بەڵام شێوە و بۆچوونی خۆیان لەم مەیدانەدا ڕەچاو دەکەن. بۆیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، هەرکامەیان لە هەوڵی ئەوەدان ئەگەر تەنانەت بۆشیان بکرێت بە حەزفی فیزیکی یەکتریش بووبێت بە سەر لایەنەکەی دیکەدا زاڵ بن و مۆرەی جێ متمانەی خۆیان لە سندووقەکان دەر بێنن. ئەمە ئیشی خۆیان و شەڕی نێو خۆیانە و هیچ ڕەبتێکی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نییە. بریا ئەوەندەیان لێک برنیبایە کە هەرکامیان بە قەت کۆڵکەیەکیان لێ بمابێتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر و زامداری کوردوستان، هیچ قازانجێکیان لەو شەڕەدا نییە. ئەمە ئەو خەڵکە بە تەجرەبەی تاڵ و دژواری سی ساڵەیان و بە ڕەگ و

پێستەوە هەستیان پێکردوە. بۆیە هەموو خەونەکانی خامنەئی و ڕاوێژکارەکانی فەشەل دێنێت و خەڵکی کوردوستان فریوی ئەم جۆرە دەغەڵ کاریانە ناخۆن و نابنە دەستە چیلەی ئەم کێشە ئینتیخاباتیە و نەک بەشداری شانۆ و مەراسمی "بەخێر هێنان" و بەدەمەوە چوونی خامنەئی ناکەن – هەروەک هی ئەحمەدی نیژادیشیان نەکرد--، بەڵکوو ئەگەر بۆشیان بکرێ خامنەئیش و کولی رژیمەکەشی بە دەمەوە لە عەرز دەکوتن.

هەیئەتی هاوئاهەنگی فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە

٩ ی گوڵانی ١٣٨٨